# یاسای دەزگای گشتیی شەهید

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٢**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٧/٧/٦**

**«بڕیار»**

بەپێی حوكمی بڕگەی «١» لە مادده «٥٦»ی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٧/٧/٦ی دا بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی دا.

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای دەزگای گشتیی شەهید

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە كە لەم یاسایەدا هاتوون ماناكانی تەنیشتیانە:

١- دەزگا: دەزگای گشتی شەهید.
٢- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای گشتی شەهید.
٣- سەرۆكی ئەنجوومەن: سەرۆكی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای گشتی شەهید (سەرۆكی دەزگا).
٤- بزووتنەوە: بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی كوردستانی عێراق.
٥- شەهید: شەهیدی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی كوردستانی عێراق.
٦- كەم ئەندام: تووش بوو بەكەم ئەندامیی لەئەنجامی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی كوردستانی عێراق.

**ماددەی دووەم:**

بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەزگایێكی گشتی دادەمەزرێ كە تایبەت بێ بەكاروباری شەهیدەكانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی كوردستانی عێراق و بەو كەسانەی كە لە ئەنجامی تێدا بەشدار بوونیان تووشی كەم ئەندامی بوون، پێی دەگوترێ دەزگای گشتی شەهید.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم دەزگایە کەسیەتی یەکی مەعنەوی هەیە و خاوەن سوودی گشتی دەبێ و هەموو شیاوی یەکی تەواوی یاسایی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی دەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

دەزگا مووچەی خانەنشینی وپاداشت بۆ شەهیدان و کەم ئەندامان و، ئەو خێزانانەی کە ئەو مووچانانەیان دەکەوێ تەرخان دەکات و بەپێی یاساکاریی تایبەت بەوانەوە بۆیان سەرف دەکات وچاودێریی خێزانەکانیشیان دەکات و فێرکردن و شیاویی کۆمەڵایەتی و پیشەییان بۆ دابین دەکات و بۆ ڕێزلێنان لە خۆبەخت کردنیان ژیانێکی سەربەرزانەی شیاو بە پلەو پایەیان بۆ دەستەبەر دەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەزگا بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوەو سەرەک وەزیران بۆی هەیە جێگرەکەی یان یەکێک لەوەزیرەکان لەجیاتی خۆی دابنێ بۆ سەرپەرشتی کردنی و ئەم یاسایە سنوورو جۆری ئەو سەرپەرشتی کردنە دەست نیشان دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

پێکهاتەکانی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێک دێ:

١ـ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگا.

٢ـ پێکهاتەکانی مەڵبەندی دەزگا کە لەم بەشانە پێک دێن:

أ ـ بەشی بەڕێوەبردن و خۆبەتی.

ب ـ بەشی نەخشەکێشان ولێکۆڵینەوەو بە دواداچوون.

ج ـ بەشی ماف.

د ـ بەشی ژمێریاری.

هـ ـ بەشی ورد بینی.

٣ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دەزگا فەرمانبەرێک سەرۆکایەتی دەکا کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت و بریکاری سەرۆکی دەزگا دەبێت و هەموو دەسەڵاتەکانی ئەنجام دەدات لە کاتی ئامادەنەبوی ڕەسیمداو لەمانە پێک دێ:

أ ـ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینیی.

ب ـ بەڕێوەبەرایەتی شیاندن وچاودێریی کردنی کەم ئەندامان.

ج ـ بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنان.

د ـ بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبردنە لقی یەکان لەپارێزگاکان دا.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستەڵاتی باڵا لە دەزگادا لەمانە پێک دێ.

١ـ سەرۆکی دەزگا ـ سەرۆکی ئەنجوومەن.

٢ـ بەڕێوەبەری گشتی دەزگا ـ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.

٣- سەرۆكی ئەركان لە وەزارەتی كاروباری (پێشمەرگە) - نوێنەری وەزارەت.
٤- بەڕێوەبەری گشتی دارایی - نوێنەری وەزارەتی دارایی.
٥- بەڕێوەبەری گشتی گەشەپێدان و ئاوەدانكاری - نوێنەری وەزارەتی گەشەپێدان و ئاوەدانكاری.
٦- بەڕێوەبەری گشتی چاودێری كۆمەلایەتی - نوێنەری وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەلایەتی.
٧- ئەنجوومەنی وەزیران سێ پسپۆڕ بۆ ماوەی سێ ساڵ دادەمەزرێنێ و بۆی هەیە تازەش بكرێتەوە بۆ ئەوانەی كە خاوەنی ڕابردوێكی شەرەف مەندانەی تێكۆشانن و بەشداری بەرچاویان لە جوولانەوەكەدا هەیە.

## كارو ئەركەكانی ئەنجوومەن

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجوومەن تایبەتە بەم كارو ئەركانەی خوارەوە:

١- پیادەكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایەو یاساو بڕیارو پێڕەوە تایبەتی یەكان بەخانەنشینی شەهیدانی بزووتنەوەو، ئەوانەی لەئەنجامی بەشداریی كردن تێی دا تووشی كەم ئەندامی بوون، هەروەها ئەو یاساو بڕیارانەش كەپەیوەندییان بەكاروباریانەوە هەیە.
٢- پێشنیاركردنی هەمواركردنی یاساكان بۆ پەرەپێدانی یاسای دەزگاو، یاساو بڕیارەكانی كە پەیوەندیدارن بە كاروبارەكانی و بەرزكردنەوەیان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.
٣- دانانی سیاسەتی گشتی بۆ گەشەپێدانی دەسكەوتەكانی دەزگاو وە بەرهێنانی لەناو چوارچێوەی ئامانجە نەتەوەیی ونیشتمانی و كۆمەلایەتی و ئابووری یەكان و سەرپەرشتی كردنی جێ بەجێ كردنیان لەلایەن فەرمانگەكانی دەزگاكەوە.
٤- سەلماندنی بودجەی گشتی دەزگا وژمێركاریی كۆتایی وئەنجامدانی گوێزانەوەو هەمواركردنی بەپێی یاسا كارپێكراوەكان.
٥- دانانی میلاكی دەزگا وهەموار كردنەكانی.
٦- ئەنجامدانی كەم كردنەوە ومەزات كردنەكان و بڕیاردان لەسەر بەڵێننامە وقۆنتەرات و خۆبەستنەوەی دارایی لەنێو بازنەی بودجەی سەلمێنراوی دا.
٧- دانان و بەخشینی دەرماڵە بەفەرمانبەرە كارامەكان لەفەرمانگەكان دا یا ئەوانەی بەشێوەیەكی كاتی پێی سپێردراون، لەگەڵ شارەزا نێردراوەكان دا بەمەرجێك لەرێژەی ١٢٠٪ی مووچەكانیان پتر نەبێ و، بەخشینی دەرماڵە كەلەرێژەی ٧٠٪ی مووچەكانیان پتر نەبێ بۆ ئەو كەسانەی كە بۆ ئەنجام دانی كاری زێدە لەدووای دەوامی رەسمی روویان لێ دەنرێ.
٨- پێكەوە نانی چەند لیژنەیەك بۆ لێكۆڵینەوە لەكاروباری هەمەجۆری دەزگاكەو بۆیشی هەیە پشت بە شارەزایان لەدەرەوەی دەزگا ببەستێ بەرامبەر بەكرێ یەكی وا كە ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر دەدات.

٩ـ چاودێری کردن و شیاندنی منداڵانی شەهیدان، لەوانەی کەمەترسی لەسەر موعاناتیان هەیە، کەلەئەنجامی باری هەڵوەشانەوەی خێزانیی و لەئاکامی نەمانی دایک و باوک یاخود یەکێکیان لەلایان خوڵقاوە.
١٠ـ چاودێری کردن وشیاندنی کەم ئەندامانی بزووتنەوە لەناو پێشمەرگەداو، لێکۆڵینەوە لەباری ژیانیان و ئامادەکردنی ئامارکردنێکی تایبەت پێیان و دانانی نەخشە بۆ راهێنان و چاودێری کردن و شیاندنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یان بە دروست کردنی مەڵبەندی تایبەتی یا سوود وەرگرتن لەمەڵبەند و پەیمانگای تایبەت بەفەرمانگەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و رێکخراوە مرۆڤایەتی یەکانی کەهەمان ئامانجیان هەیە و مافی پیشەیی یان لەوەرگرتن بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە تایبەتەکان دا پێ بدرێ.
١١ـ پێشنیار کردنی دامەزراندنی فەرمانبەر بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنیش بۆی هەیە بەرزیان بکاتەوەو بیان گوێزێتەوەو وازهێنانیان لێ قەبووڵ بکات و خانەنشینیان بکات و بەشێوەیەکی کاتی بیان سپێرێ و سزایان بدات و لەکاریان لابدات و بەڵێنکاریی لەگەڵ پسپۆڕو شارەزایان وتەکنیکاران ببەستێ بۆ کارکردن لەدەزگاکەدا.
١٢ـ دانانی راپۆرتێکی ساڵانە لەبارەی کارو ئەرکەکانی دەزگاو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی پوختەی چالاکی یەکانی دەزگاو راپەراندنی کارەکانی وکێشە وراو پێشنیارەکانی.
١٣ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە لقەفرمانگە بۆ دەزگاکە لەیەکەکانی بەرێوەبردن دا بکاتەوە وبەش وهۆبە لەنوێ دابنێ ولێکیان بدات وهەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویست لەگەڵ دانانی سنوورێک بۆ کارو ئەرکەکانی و پسپۆڕی یەکانی بەپێی رێنماییەکانی خۆی.
١٤ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی خۆی بدات بە سەرۆکی دەزگاو بەرێوەبەرە گشتی یەکەی.

**ماددەی نۆیەم:**

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دەزگا دەبێت و بۆی هەیە داوای بەستنی بکات، لە خولی ئاسایی و خولی نائاسایی داو هەرچی لێیەوە دەربچێت لە بڕیارو پێشنیازو راسپاردە ئیمزایان دەکات.

**ماددەی دەیەم:**

ئەوەی رووی لێ نراوە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی دەزگاکە بکات، سەرۆکایەتی دانشتنەکانی ئەنجوومەن دەکات لە کاتی ئامادە بوونی لە کۆبوونەوەکەدا.

**ماددەی یازدەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجوومەن هەر مانگە بەلانی کەمەوە جارێک کۆبێتەوەو ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی وەزیران کە سەرپەرشتی دەزگاکە دەکات یاخود بەلانی

کەمەوە سێ یەکی ژمارەی ئەندامان لە کاتی پێویست دا بۆیان هەیە داوای بەستنی کۆبوونەوەی نائاسایی بکەن.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ڕادەی یاسایی بە ئامادەبوونی سەرۆکی دانیشتنەکە ونیوەی ژمارەی ئەندامان تەواو دەبێ و هەموو بڕیارو ڕاسپاردەو پێشنیارێکیش بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ و لەکاتی بەرامبەربوونی دەنگەکان ڕای ئەولایە پەسەند دەکرێ کە سەرۆک دەنگی لەگەڵ داوە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

بڕیارەکانی ئەنجوومەن بۆ ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی وەزیران دەنێردرێ کە سەرپەرشتی دەزگا دەکات وئەگەر لاری نەبوو لێیان لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی پێ ڕاگەیاندنی بە سەلمێنراو دادەنرێن و بۆیان هەیە جێ بەجێ بکرێن و، بەڵام لە کاتێک دا کە لاری بوو لێیان لەو ماوە یاسایی یەدا، ئەوە بڕیارەکەی ئەم بنبڕو دوا بڕیار دەبێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی دەزگا بەپلەیەکی تایبەتی و بە بڕیارێک لە لایەنی تایبەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دادەمەزرێ، بە مەرجێک خزمەتگوزاری و بەشداری بەرچاوی هەبێ لە بزووتنەوە بۆ ماوەیەکی گونجاو کە بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا بیشێنێ و بتوانێ کارو ئەرکەکانی جێ بەجێ بکات و دەستەڵاتەکانی خۆی بەپێی یاسا بە کار بێنێ و پێویستە شیاوییێکی خوێندنی وای هەبێ کە ئەنجوومەنی وەزیران دڵنیا بێ لە وەرگرتنی فرمانی سەرۆکی دەزگاکە.

**ماددەی پازدەیەم:**

کارو ئەرکەکانی سەرۆکی دەزگا ئەمانەن:

١- بەرپرسی بەڕێوەبردنی دەزگاکەیە وبەر پرسیاریشە لە جێ بەجێ کردنی ئەرک و کارەکانی بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن.

٢- دەرچوواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ ڕوواندنی کار لە دەزگاکەدا بەپێی یاساو پێڕەوو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن.

٣- پێشنیارکردنی پلان و بەرنامەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن.

٤- سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی میلاک و پرۆژەکانی بودجەی پێشنیارکراوی دەزگا لەلایەن فەرمانگەکانی دەزگاو پێشکەش کردنی بە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن.

٥- پێشکەش کردنی ژمێرکاریی کۆتایی بۆ ساڵی دارایی کۆتایی هاتوو بۆ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لەگەڵ بەیاننامەیەکی دوورو درێژ بەداهات و خەرجی یەکان.

٦- بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی پلان و بەرنامەکان و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لە بارەی چالاکی یەکانی دەزگاکەو باری دارایی.

٧- پێشنیارکردنی دامەزراندنی فەرمانبەرەکانی دەزگا، هەروەها بۆی هەیە پلەیان بەرز بکاتەوەو بیان گوێزێتەوەو سزایان بدات و لێیان بخات و خانەنشینیان بکات ئەمەش بەپێی یاساو پێڕەوو ئەو دەستەلاتانە دەبێ کە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن دەست نیشانیان دەکات.
٨- فەرمان دەدات بە سەرف کردنی پارە لە سنووری ئەو دەسەلآتانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە پێی دراوە.
٩- هەندێ لە دەستەلآتەکانی خۆی دەدات بە بەڕێوەبەری گشتی یا هەر کەسێکی تر لە فەرمانبەرانی دەزگا.

**ماددەی شازدەیەم:**

بودجەی دەزگا سەربەخۆیەو لە نێو چوارچێوەی سیاسەتی گشتی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێ و لەلایەن سەرۆکی دەزگاو بەڕێوەبەری گشتی یەوە ئامادە دەکرێ و دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە، لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆ پەسەند کردنی.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

پارەو داهاتی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێک دێن:
١- ئەو بەخشینەی کەلەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە بۆی بڕیار دراوەو بۆی خراوتە ناو بودجەی گشتییەوە.
٢- ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوە کە موڵکی دەزگاکەن.
٣- دەستکەوتەکانی وە بەرهێنانی دەزگا.
٤- ئەو بەخشنانەی پێشکەش بە دەزگا کراون و ئەوانەش لەلایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە قەبووڵ دەکرێن، بەمەرجێک لە سەرچاوەی ئاشکراو بەپێی مەشروعیەتی یاساوە وەرگیرابن.
٥- ئەو رەسمانەی کە لە پێناوی جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی دەزگاکە فەرز دەکرێن.
٦- قازانجی ئەو چالاکی یانەی کە دەزگا دەینوێنێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

أ ـ هەموو موڵک و ماڵێکی دەزگا، ماڵی گشتین، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە نەبێ نابێ دەسکاری بکرێن.
ب ـ قەرزەکانی دەزگاو هەموو پارەیەکی کە بە قانون دەیکەوێ، قەرزی نایابن(ممتاز) لەوەرگرتنیان یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی رەوای حکومەتیان لە سەر پیادە دەکرێ.
ج ـ هەموو ماڵێکی گوێزراوەو نەگوێزراوەی دەزگا لە باج و رەسم دەبووردرێن.
د ـ دەزگا لە هەموو ئەو رەسمانەی دەبووردرێ کە بەهۆی هەڵسوکەوتی یاساییەوە کەوتۆتە سەری، هەروەها لەو داواکاریانەش کە بۆی بەرز دەکرێتەوە یان لە دژی دەدرێ.
هـ ـ حسابەکانی دەزگا لەژێر چاودێری دارایی دا دەبێت

**ماددەی نوزدەیەم:**

دەزگا بۆی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارو ئەرکەکانی و وەدەست هێنانی ئامانجەکانی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکان دا بکات، بە هۆی ئەو فەرمانگانەی کە کارو ئەرک وسروشتیان لەگەڵ دەزگا وەک یەکن.

**ماددەی بیستەم:**

دەزگا بۆی هەیە لەو شوێنانەی کە لقی فەرمانگەی خۆی تێدا نیبە، دابەش کردنی مووچەی خانەنشینان بە سەر ئەوانەی کە دەیان کەوێ بە فەرمانگەی تایبەتی نێو یەکەکانی بەڕێوەبردن لەسنووری خۆیدا بسپێرێ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

لە سەر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**ماددەی بیست و دووەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە:

**ئەمرۆ ئەگەر گەلی کوردستانی عێراق بۆی هەبێ شانازی بەو سیستەمە دیموکراتی یە و دەزگا دەستووری یەکانی یەوە بکات، ئەو شانازی یە، لەڕاستی دا بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە لە پێناو بوونی دا گیانی خۆیانیان بەخت کردو مێژوویێکی شکۆداریان بۆ گەلەکەمان دروست کرد ورێگەی دوا ڕۆژیان رۆشن کردەوە. ئەوانە شەهیدانی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستانن. جا، وەک وەفاداری یەک بۆیان و ڕێزگرتن لە قوربانی یەکانیان و نرخاندنی پلەو پایەیان دەبوایە دەزگایێکی تایبەتمەند هەبێت، بۆ بە ئەستۆوەگرتن و سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕاندنی هەرچی پەیوەندی هەیە بە مافەکانیانەوە لە ڕێکخستن و بەدواداچوون و جێ بەجێ کردن وسەرپەرشتی کردنی کاروباری ئەوانەی بە هۆی خەباتیانەوە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەکەدا پەک کەوتەو کەم ئەندام بوون، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.**